

# یەشار کەمال، (مارکیز)ی ڕۆژهەڵات بەتورکی نووسی کوردانە ژیا

**بۆتان جەلال**

**جیا لە هەموو ئەو گەورە نووسەرە کوردانەی کە بەزمانی دایکیان نانووسن، (یەشار کەمال) زیاتر شوێنپەنجەی بەسەر ئەدەبیاتی جیهانیدا جێهێشتووەی لەوانیش فراوانتر خاوەن بەرهەم و ئەفراندنی قووڵ و ڕەسەنە، دەکرێ بڵێین زۆرتریش لە نووسەرەکانی دیکە خزمەتی پراکتیکی و ئەکتیڤانەی نەتەوەی بەنەتەوەکەی (کورد) کردووە، کورد و کوردستان ڕووپێوێکی فراوانی لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، زۆر جاران لەسەر ئەوەی دانی بەکوردبوونی ناوە و یەنگری مەسەلە ڕەواکەی بووە، دووچاری تەنگەتاو و گرتن و ئازاردان بووە، بەڵام ئەوەی بێگوێدانە سانسۆریەکان، ئەوەی ویستویەتی بینووسێ، کردوویەتی تیاشیدا سەرکەوتووە.**

کەمال سادق کوتشلی (یەشار کەمال) لە ساڵی 1923 لە گوندی حەمیدیە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، سەرەتا ژیانێکی جەنجاڵی و هەژاری هەبووە، نەخاسمە لەپاش کوژرانی باوکی لەبەرچاوی خۆی، ئەو کاتیش تەمەنی (5) ساڵان دەبێ، کارەساتی کوژرانی باوکی بۆ ئەو هێدمەو تاڵیەکی زۆری بۆ دروست دەکات، بەڕادەیەک چەند ساڵ تووشی زمانگیران دەبێ و بەدەستیەوە دەناڵێنێ.. دەستپێکی ژیانی بەکارکردن لە یەکێک لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان دەبزوێنێ، پاشان لە کارگە کاردەکات. زوو خولیای نووسینی شیعر دەبێ، ئەمە هاندەری بووە خۆی فێری خوێندنەوەو نووسین بکات، بە ماوەیەکی کەم توانی لەسەر ئامێری چاپ کاری بچووک ئەنجام بدات، دەبێتە ڕۆژنامەنووس، ئەم پیشەیە دەرگای ئاشنابوونی بە خەڵکانێکی زۆری بۆ دەکاتەوەو دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، دواتر ڕوو دەکاتە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، گرنگی بە لەبەرکردنی چیرۆکە ئەفسانەییە زارەکیەکان دەدات و بەدەیان چیرۆک و سەربردە لە ئەفسانەی کوردی و تورکی دەبنە وێردی سەرزمانی، دیارە ئەمەش دواتر سوودێکی گەورەی بۆ نووسەر هەبووە لە تەوزیفکردنی ئەفسانە لە بەرهەمەکانیدا، لە سەرتای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی برادەرایەتی و پیشەیی لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەرو شاعیرو هونەرمەندان دروست دەکات، لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی برادەرایەتی و پیشەیی لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەرو شاعیرو هونەرمەندان دروست دەکات، لە ڕێگا ئەوانەی جەخزێنە بواری سیاسەت و تەمەنی (17)ساڵان بوو بۆ یەکەمجار دەگیرێ و دەخرێتە قەفەسی زیندانەوە.

لە ساڵی 1943یەکەم بەرهەمی خۆی کە دیراسەو کۆکردنەوەی لۆلکلۆری کوردی و تورکی بو بەناوی (لاوانەوە) بڵاودەکاتەوە. ساڵی 1955 ڕۆمانی (ئینجە مەمەد) چاپ دەکات، باس لە پیاوێکی ڕێگر دەکات کە پاڵەونی ڕۆمانەکەیە، ئەگەرچی لە ڕووی جەستەییەوە لاواز و بچووک بووە، بەکردار بەتوانا و لێهاتوو و ئازایانە خۆی بە خەڵکی ناوچەکەیان ناساندووە، ئەم پاڵەوانە دژ بە ئاغاو دەرەبەگ و دەسەڵاتداران لە جەنگێکی خوێناویدابووە، ئەم ڕۆمانە زیاتر لە (30) جار چاپکراوەتەوە بۆ زیاتر لە 40زمان و وەرگێڕدراوە، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە خوێنەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا دەکات، ڕەخنەگرو توێژەرانی بواری ئەدەب ئەرینی هەڵسانگاندیان بۆ کردووە، بایەخی زۆری میدیای پێبدرێت، بەجۆرێ بە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ دەستنیشان دەکرێ، شایانی باسە هەموو ساڵێک یەشار کەمال پاڵێوراوی ئەو خەڵاتە بوو. بەڵام تا مردنی بەو ئاواتە شاد نەبوو مرۆڤدۆستی تەوەری سەرەکی بایەخپێدانە لە نووسینەکانی یەشار کەمال، خەبات لە پێناو لابردنی ستەم و زۆرداری و چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ بابەتە سەرەکیەکانی داهێنانەکانی بوون، هەردەم لایەنگری حەق بووە دژ بە غەدرو کارە نامرۆییەکان، یاخی و سەرکێشانە خۆی خستۆتە بازنەی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ مرۆڤ بە ئازادی و شکۆداری بژیت، ئەگەرچی نووسەر بەزمانی تورکی نووسیویەتی، هەمیشە بەویژدانێکی تەم و مژانە بەرگری لە کێشەو مەسەلە ڕەواکەی کورد کردووە، تورکیای بە وڵاتی تورک و کورد ناسیوە و ویستویەتی برایانە بێ ئەوەی کە سنووری مافی مرۆڤایەتی ببەزێنێ ژیان بگوزەرێ.

لە سێینەی «فرات خوێنی لەبەر دەڕوا بڕوانە» (چیرۆکی گراڤیکە) گێڕانەوەی سەربردەی کارەساتی ملیۆنەها خەڵکی دەربەدەر لە زێدو نیشتمانی خۆیانە، کە کەوتوونەتە بەر لێشاوێکی زۆر دڕندانە و ماڵ و حاڵیان جێهێشتووەو وەدەرنراون، ئەمە یەکەم بەرهەمێکی تراژیدی نووسەرە کە زۆر بەروونی و شەفافی بەرجەستەی حاڵەتێکی مرۆیی لە وڵاتەکەی دەکات، وە لە سێنیەی (کاریتە، زەوی و ئاسن و مس و گیای نەمرانە) دەنگی بەرزی دەگاتە حەوت پەڕەی ئاسمان بەستایلی داستانوێژی داب و نەریتە هەرە کۆنەکانەوە دەنگی نەتەوەیەکی ستەملێکراو دەباتە نێو کۆشکی پیاوانی دەسەڵاتدارە زاڵمەکان و پێیان دەڵێ، غەدر و کوشتن و تاڵان و پاکتاوی نەژادی سنووری خۆی هەیە، ڕۆژێ دادێ کۆمەڵی زوڵملێکراو مافخوراوان هەڵوێستی خۆیان دەنوێنن، گوشار هەرچەند بەهێزبێ، پەرچەکردارەکەی بەهێزترو کاریگەرە. ئەم دوو سێیینە هەر یەکەیان زیاتر لە (9) جار چاپکراوەتەوەو بۆ سەر (30) زمان پاچڤەکراون، بەرامبەر ئەو جورئەت و دلێرییەی کە لەم بەرهەمانەدا دەربارەی مافی کوردان دەریبڕیبوو، خەریک بوو دادگا دۆسیەکی گەورەی تاوانکاری بۆ بکەنەوە، بەڵام لە هەموو لایەکەوە، مافپەروەران و کورد دۆستانی دونیا و نووسەرو هونەرمەندانی ئازادیخواز لە هەموو وڵاتێکی ئازاد پەروەردا لەسەری هاتنە دەنگ و پشتگیریيان لێکرد و نەیانهێشت ڕووبەڕووی مەحکەمەو مەحکەمەکاری ببێتەوە.

یاخیبوون هێڵی فراوانی نووسین و بەرهەمەکانیەتی، هەردەم ئەم کەڵە نووسەرە پلانی پێشینەی دەستپێکردن بە ڕۆمانەکانی بەجۆرێ لە خەیاڵ و مێشکی ئەزموون کردووە کە دەبێت شتێ بنووسێ جۆرێک لە یاخیبوون لە شتە سواو و یاخیبوونەکانی نامەن کە ناوەڕۆکیان ئەوەیە (مرۆڤ دەبێ پێوەری ویژدان ڕاست دەکاتەوە، لە کوێ زوڵم هەبێ من لەوێم) سەیردەکەین لە ڕۆمانی (تەنەکە)، دەسەڵات کە قائیمقامە ـ لە جوتیارە چەڵتوکچێنەکان یاخی دەبێ، بەڵام ئەوان مل نادەنە بەر بڕیارەکانی قائیمقام، لە ڕۆمانی (دەریا تۆرا) یاخیبوونی حەسەنی ماسیگر کە پیاوکوژێکی ترسناکە ناوچە بە خەڵکەکە چۆڵ دەکات، لە ڕۆمانی (بڕوانە فورات خوێناویە) یاخیبوونی (ڤاسیلی)یە لە کۆچکردن، لە ڕۆمانی باڵندەکانیش کۆچیان کرد) یاخیبوونی سێ مێردمنداڵە لە داب و نەریت. لەو یاخیبوونانە نووسەر دەیەوێ وڵاتێکی بێ گەرد لە ستەمکاری و چاو لەیەکتر سوورکردنەوەو سڕینەوەی ڕچەڵەکی یەکتر بنیاد بنێت، ئامانجی سەرەکی لەو لادان و سەرکێشی و یاخیبوونە ئەوەیە، مرۆڤ دەبێ لەهەر کوێیەک بژیت ئازادو سەربەست بێ، خاوەن زمان و مافی نەتەوەیی خۆی بێت، لە کۆمەڵگا جیاوازی نەتەوەیی و چینایەتی تیا نەمێنێ.

ژینگە پارێزی لایەنێکی دیکەی گرنگیدانی یەشار کەماڵە، وەک خۆشەویستییەک بۆ خاک و نیشتمان و ئاسمان و دەریاو دارستانەکانی، کە مرۆڤ لە خێرو بێریان کەڵک وەردەگرێ، بەرگری لە پاراستنیان دەکات و بە ئەرکی مرۆڤانەی دەبینێ، ئەوانەی بە هەر بیانوویەک ژینگە پیس دەکەن ئەوە مرۆڤی ناکاملن و تاوانبارن، ئەوەتا لە ڕۆمانی (دەریا تۆرا) هەروەها لە ڕۆمانی (بڕوانە فوران خوێناویە) بەروونی پیسبوونی دەریا بە کوشتنی نەهەنگ و ماسیگرتنەوە دەخاتە بەرچاو، کە ژمارەیەک ماسیگرن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیانەوە ئاوی ڕووبار پیس دەکەن، یان کوشتار و کوشتارگە بە ڕۆخ ڕووبار و دەریاوە لە ئەنجامی شەڕ و شۆڕەوە خوێناوی دەکەن.

یەشار کەمال بێ ئومێدی پێوە دیاربوو، دەربارەی ژیانی ئەمڕۆی پڕ لە کارەسات و جەنگ و کاولکارییەکان بیروبۆچوونی ڕەشی دەگوت، دەیویست سەر لەنوێ مرۆڤەکان بەشێوازی بێ گەردی دروست بکاتەوە.

بەرامبەر ئەو هەموو کارە ئەفرێنەرانەی کە لە ژیانییدا بەرهەمی هێنابوو، چەندین جار خەڵات کراوە و ڕێزی لێنراوە، یەشار کەمال بەهۆی نەخۆشیەوە لە ڕۆژی 2015/2/28 یەکجاری لاپەڕەکانی ژیانی دەپێچێتەوە بۆ یەکجاری کۆچی دوایی دەکات.

لەلایەن چەند وەرگێڕێکی کوردەوە ژمارەیەک بەرهەمی ئەم نووسەرە کراون بە کوردی و لەلایەن خوێنەرانەوە باوەشی گەرمی بۆ کراوەتەوە، لەوانەش ڕۆمانی (حەمەدۆک) کە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە و (دەریا تۆرا) لەلایەن چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و ڕۆمانی (بڕوانە فورات خوێناویە) لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا(ڕێباز مستەفا) و چەندین بەرهەمی دیکەش لە پێنووسی وەرگێڕی دیکەی کوردستان گەیاندراون بە کتێبخانەکانەوە.

سڵاو و دروود لە گیانی بێ گەردی نووسەری گەورەی کورد (یەشار کەمال)..